# هاواری مەرگی پڕ لەززەت



**شەماڵ ئیبراهیم**

(تەنانەت مەرگیش حەز بە هاوڕێیەتیم ناکات. ئەگینا تاکو ئەم تەمەنەم شتێکی هەر لێدەکردم، یان هەر هیچ نەبووایە بەبزەیەك دەیخەواندمو لە جەنجاڵیو سەرئێشەی ئەم ژیانە دوورئەکەوتمەوە.. ئاە لەوانەیە مەرگ وەك پاییزی ساڵان درەنگ پەڵەم لێبدا..! تۆ بڵێیت ئۆتۆمۆبیلێك ببێتە مەرگو شەکەتی ماندووم لە جووڵە بخات؟!).

بەدەم ڕێوە وەك شێتەکانی ئەمڕۆژگارە ئەم قسانە ئەبوون بەهەڵمو لە دەمتەوە وەك دڵۆپە ئەکەوتنە سەر ڕووخساری ماتەوەبووت، ئاهی ساردی خەمەکانو دووکەڵی ڕەشی بەربووی لە ماڵدەر بەدەربووت دووای ئەو شۆستەو شەقامانە دەکەوتن کە تۆ پیا دەڕۆیشتیتو سەرما وشکی ئەکردنەوەو جێپێی پاتاڵە ئاوارەبووەکانی تۆی تیا بەجێدەهێشتن. چەشنی قورولیتە شێلراوی کۆرەوەکە، بە لەرزە لەرزو ئەژنۆی شەکەتبووەوە هەنگاوت هەڵئەهێنا.. پیر نەبوویت، بەڵکو ژانی ژنو ئازاری منداڵو ساردووسڕیی هاوڕێی بێ ئەمەکو ناسیاوانی ئەم ڕۆژگارەو خەمە هەڵتۆقیوەکانی گرانیو سەردەمی نەهامەتی پیرو بێ حەوسەڵەی کردبوویت.. ئەو ئێوارەیەی کە چەشنی ئەم شێوایە ئازاری ژنو منداڵەکانت، هێرشیان بۆ هێنایتو ئەستۆیان کوتایت. ناچار بێ شێوکردن بەجێت هێشتن. تەنیایی خۆت باوەش گرت و لەگەڵ خەمە کۆنەکانی سەر شەقامو سەرگەردانی درەختە ڕووتەکانی شاردا بوویتە هاوڕێ.. مەیخۆر نەبوویت، ئەگینا ئازارو گینگڵی حەڤدەساڵەت پێ سەرخۆش دەکرد.. تازە بەتازەیش هەست بەخۆت دەکەیتو لەم شەوە تەنیا ڕەشەدا بیر لە تووشهاتی خۆت دەکەیتەوە..! بیر لە دەستچوونی لاویو ژیانی هەرزەکاریت دەکەیتەوە.. لە ماڵیشدا هەر تەنیا بوویت دایك و باوکە کرێکارەکەت، کە لە کارگەی توتنو جگەرەکە، یەکیان ناسیو تەنیا تۆیان بۆ بەرهەم هات. بەداماوی تۆی تاقانەیان پێگەیاند.. (-ئاخ ژیان.. ژیان چییە؟! نازانم- چ قازانجێکم لە ژیانو ژنو ماڵ بەدەستهێنا؟! ڕۆژ تا ئێوارە ڕەنجیان بۆ ئەدەم، خزمەتی چەندین ساڵەی دائیرەم خستۆتە قوربانی بۆ ئەوان، کەچی هێشتا پێنازانن‌و منەتبارم دەکەن. منی نامۆ

وەك ئەم ژیانە هیچم.. نەیار بەژن‌و منالْ.. نەیار بەشارە رەنگینەکەی خۆم.. هێندەی بۆ ئەوان ئەژیم، بۆ خۆم ناژیم.. بەجلی کۆن‌و پۆشاکی بەسەر چوو ژیان ئەگوزەرێنم.. لە دائیرە شەڕی گاڵتەپێکردنم‌و لە ماڵیشەوە نازی ژن‌و لاساریی منالْ‌و سەعینەکردنیان بەرۆکم دەگرێت.. تەنیا شوێنێك ئارامبەخشم بێت کاری رۆژانەی دوانیوەڕۆمە، کە کەلێنێکی ئابووری‌و سەختی ئەم ژیانەی بۆ پڕکردوومەتەوەو تێکەڵیی زیاتریشم لەگەڵ ڕووناکبیران‌و هونەرمەندانی هاوڕێمدا پەیدا کردووەو خەمەکانیشم بیر ئەچێتەوە.

لە پاش پیاسەیەك کەم کەم لەسەر شۆستەی شەقامەکانی شاردا دائەنیشتیت‌و لەو ڕێبوارانەت ئەڕوانی کە بەتەنیا، یان لەگەڵ هاوڕێ‌و هاوسەرەکانیانا رووەو ماڵ‌و لانەکانیان دەبوونەوە. بۆیە تۆیش رووەو ماڵ ملت نایەوە.. لە گۆشەی کۆڵانە تاریکەکەی ماڵەوانێ. کوڕە ریشهاتووە چڵکنەکەت بینیەوە کە تەنیایی‌و رەزیلی باوکی شێت‌و کەفتەکاری کردبوو، بەرامبەر ماڵە کۆنەکەیان راکشابوو کە ئەمێستا تێکدرابوون‌و بۆ بازرگانەکان کرابوون بە کۆشك. ئەم کوڕە کەفتەکارە، کە نەهامەتی سەرو ریشی سپی کردبوو هاوڕێی چایخانەی جارانت بوو. خوشك‌و براکانی تری لە بەشی میراتییەکەی باوکی غەدریان لێکردوو تەنیاو دەربەدەریان کرد، ئەمیش بۆیە شێتێتی مێشکی تێکداو ئەوەتا لەسەر بەتانییەکی شڕ ئەخەوێت. هەناسەی مەرگ ئەداو ناشمرێت. ئەو جارەی کە تازە تێکچووبوو، لێت پرسی:. من ئەناسیت؟!.. ئەو سەرسوڕمانەوە تەماشای کردیت‌و وتی:. بۆچی من خۆم ئەناسم تاکو تۆ بناسم؟!

پاش ئەو بیرەوەرییە هاتیتە لایەوەو لەبەر سەریەوە راوەستایت. چاوەنوقاو و هەڵتوتاو ئەلەرزی. بەتانییەکەت بۆ درێژکردوو پیادا دایەوە. ئینجا پێت وت:.

-من تۆ دەناسم، ئەی بێکەسەکەی هاوڕێی جارانم.. بنوو.. خۆزگەم بەخۆت.. من لە تۆ تەنیا ترم.. تۆ بەتەنیا بەسەر دەبەیت‌و ژن‌و منالْ بێزارت ناکەن.. لەوانەیە مەرگیش تۆی خۆشنەوێت‌و وەکو من تەماشات بکا. بۆیە وا بەبێدەنگی پێکەوە ئازار ئەچێژین.. جیاوازیی نێوان من‌و تۆ دیوارێکی گڵ‌و کۆڵانێکی تاریك‌و ماڵێکی بێ کارەباو حەوشەیەکی چۆڵەوانییە. ماڵێکی پڕ لە ئازارو دوور لە خۆشەویستییە.. نانە ڕەقەوەبووەکەو قاپە بەتاڵە نایلۆنەکەت لە لایەوە بینی- ئەوانیش بەتەنیا لایەوە سەرما رەقیکردبوونەوەو هەناسەی مەرگیان ئەدا.. پاش تاسە بردنەوەیەکی کاتی ئاهێکی گەرمت بۆ هەڵکێشاو رووەو ماڵ بوویتەوە. دەرگای دەرەوەی حەوشەکەتان دانەخرابوو. ژووری ماڵەکانی ناو حەوشەکە بێ کارەبابوون. لە بری گڵۆپی جوان جوان چرای نەوتی تیا ئەسووتا. ئەگەرچی نەوتیش گران بوو.. ئەم دیمەنە دیمەنی ئەو لادێیانەی ئەهێنایەوە بەرچاو کە پێشمەرگە بوویت‌و لانەی حەوانەوەی شۆرشەکەتان بوو.. خۆت کرد بەژووری ماڵە کزبووەکەتا.. جێگەی نووستنی هەموویان راخرابوون، بەس هینی تۆ نەبێت. منالەکانت بەتەنیشت دایکیانەوە خەویان لێکەوتبوو.. لەبەر خۆتەوە بەئەسپایی دەستت کرد بەقسەکردن:. (باشە خۆ هێشتا زووە. لەوانەیە بێ کارەبایی خەوی لێخستبێتن.. تەنیا تۆیت نابێ بخەویت، چونکە وەك جاران جێگاکەت بۆ دانەخراوە).

ژنەکەیشت لەو لایەناوە پاڵکەوتبوو. دوور لە پێخەفە رانەخراوەکەی تۆ. سیمای مۆن‌و چاوەکانی نیوە نوقاو ئەهاتە بەرچاو. هەر کە چاوت بەمۆنیی ژنەکەت کەوت، گاڵتەت پێی هات. تارمایی مەرگ لە ناو مێشکتا دەرکەوتەوەو دەستی کردەوە بەهاتوچۆکردن.. شێوکردنەکەیشت بیرچۆوە..

-دەی ئەی مەرگی ئازیز، گەر ئازایت، وەرەو لە جیاتی ژنەکەم بمگوشێنە بەخۆتەوە.. بەهەر شێوەیەك دێیت. وەرە.. با لە جیاتی لەزەتی ژن خۆشی لە تۆ ببینم. دەی ئەی مەرگی خۆشەویستم برسێتیم لە بیربەرەوە.. ئەگەر حەزم پێدەکەیت بەس بۆ جارێك چاوم بۆ هەڵبێنە. ئیدی هەقت نەبێ، خۆم دێم بۆ لات‌و ماچت دەکەم. تاکو منیش چەشنی دڵدارە هەرزەکارەکان بەدووای عەشقی تۆوە بتوێمەوەو لە سەرئێشەی ژیانی سەخت‌و ژنی ئاڵۆزو بێتام‌و سارد رزگارم بێت.. دەی ئەی مەرگ من حەز دەکەم تۆ لە ئامێزی خۆتم بگری‌و بەهۆی تۆوە بۆنی نەمری‌و ژیانی بێ کۆتاییم بکەم..

(بەدەم ئەم قسانەوە بێ ئەوەی خۆت بگۆڕیت، چوویتە لای ژنەکەتەوە، کەچی ژنەکەت دەریکردیت. حەزت دەکرد، ئەگەر بۆ دووا جاریش بێ دووا چڵکاوی خەمەکانت هەڵبڕێژیت.. کەچی ژنەکەت بەقێزەوە وتی:.

-لاچۆ.. بچۆ ئەولاوە. بۆنت لێ دێت. رەقیشم مەکەرەوە.

-بۆن؟! بۆنی چی؟!

-ئەزانیت چەند رۆژە خۆت نەشتووە؟!

-ئەو بۆنەی ئەیلێیت، بۆنی ماندووێتییە.. بۆنی کاسپی‌و پارەیە بۆ ئێوە دەتۆ جارێ با..

-لاچۆ، کەی ئێستا کاتی ئەوەیە..! بڕۆ لەگەڵ بۆنی تەنیایی خۆتا بخەوە. با منالەکانم خەبەریان نەبێتەوە.. خەوم دێ.

-ئەی بۆ تاکو ئێستا نەخەوتوویتو چاوەکانت بزەیان دێ؟!

-جا تۆ دەهێڵی؟!

(لە پاش هاویشتنی لەقەیەك بە لا رانتا، بەناچاری دوورکەوتیتەوە، کەوتیتە سەر کومبارە رەقوتەقەکە.. چاوت نوقاند، کەچی خەو نەچووە چاوت، ژنەکەیشت ماندوویێتی سکالای پێدەکردوو رووی تۆی پێ ئاوپرژێن دەکات:.

-هیچمان ناهەقمان نییە.. من بۆ بژێویی ژیانی ئێوە خۆم سوتاندووەو هەموو رۆژێك بە یالی ماندوویێتیدا ئەرەق ئەرێژم، هیچیش بەهیچ ناکەم.. ئەوەتا شانزە، هەڤدە ساڵە لەم ژێرخانەدا بەکرێچێتیەتی دڵنەوایتان دەکەم.

-منیش ژنی ژانی ئەم ژیانەم. رۆژانە بەدەست حاجەت شۆردنو خزمەتکردنی مناڵەکانتەوە مردووم.. بەدەست ژانو ئازاری تۆوە ئەناڵێنم، لەگەڵ خەڵکی هەموو ماڵی حەوشەیدا گوزەران دەکەم. هەناسە سواربووم.. ماندووم منیش ماندووم.

-ئەزانم خانم.. بەڵام من بڵێم چی؟! تۆ ژنیتو منیش پیاو!

-رەفیقی من لە خانووی سەربەخۆو ماڵی خۆیدایە، کەچی من هەر ئەبێ لەم ژێرخانەدا کرێچی بمو هەر لێرەشدا بمرم.

-نا، ناهەقت ناگرم، بەڵام چی بکەم، ژیانی من ئەگەر وابێ! جەستەم ئارەقەی ماندوویێتی لێئەتکێ- لێپرسراوەکان وەك جاران نین، گرنگی بەتوانای ئێمەومانان نادەن.. تەنیا ناسیاویو تازە دامەزراوەکان دەخوێننەوە، خەباتو تێکۆشانی جارانمان فت..

-تۆیش پیاو بەو خۆت بەرە پێشەوە.

-ژنەکە ئەوەی بەوان دەکرێ بە من ناکرێ..

-بۆچی پیربوویت، یان ئێکسپایەربوویت؟!

-نا، نە پیر بوومو نەئێکسپایەر.. بەڵکو تۆ منت پیرکردووە بۆیە وا تەماشام دەکەیت.

-من؟! خۆزگە هەموو ژنێك وەك من بەوەفا بووایە، وەك من ئاوا لەگەڵتا بیگوزەرانایە..

-کام وەفا..؟! ئەوەتا تەنانەت هەقی خۆشم نادەیتێ.

-وا بزانم تۆ زۆر هەقی منت داوە تاکو منیش بتدەمێ.

-ئاخر بەو شێوەیە ژنو مێردایەتیمان سارد ئەبێتەوە.

-دەمێکە ساردبۆتەوە، وەکو ساردیی ئەم ژێرخانەی شانزە ساڵە تیایدا حەپسوو زنجیرکراوم.. هێشتا پێی نازانیتو باقیت دەوێتەوە؟..

-بروا بکە ژنەکە ماندووم.. بۆ لێم ناگەیت؟! نە موچەی دائیرەو نە هەڵپەی دووای دەوام، بەرگەی سەختیو گرانیی ئەم ژیانە ناگرێت..

-ئیدی ناتوانم.. جەستەم ماندووەو بەرگەی ناگرم..

-شەو درێژەو هیچت پێنەماوە دەری بری. ئێوارەت لێ دێو خۆت ئەدەی بە ئەرزاو منیش هیچ..

-راست دەکەی، بەڵام ژیانەکەمان سەختو دژوارە، ئەبێ حەوانەوە بەخۆم بدەم، خۆزگە ئەم ژیانە وەکو جارانی لێدەهاتەوە، وەکو جاران بەیەك مووچە ژیانمان ئەگوزەراندو منیش دووای نیوەڕوان پشووم ئەداو پێکەوە خۆمو خۆتو مناڵەکان گەرانێکمان ئەکرد، سەیرانو خۆشیمان دەکرد.

-ژیانی ئێمە تەواو. سەرمایەدارو دەوڵەمەند ئەخواو ئەژی.. ئێمەی هەژارو نەبوویش تیائەچین.

بەدەم قسەوە خەوتان لێکەوت.. بێ ئەوەی پێبزانن شەو کۆچی کردوو رووناکییەك لە پەنجەرەکەوە خۆی نیشانی پەردە هەڵواسراوەکەی ژوورەکەتانی دا.. تۆ بەئاگاهاتیتەوەو بەیانییەکی زوو لەجیاتی مەرگ چاکوچۆنییەکی لەگەڵاکردیت، ژنەکەت هەر نووستبوو، ئارەزووت زۆری بۆ هێنایتو زمانێکت بەلێوتا هێنا.. جەستەت بۆ ژێر لێفەی ژنەکەت گواستەوە، بەئەسپاییو بێ خشپە لەشت ئاڵاندە لەشی نەرمونۆڵییەوە.

-ئای کە خۆشو گەرمیت. هێشتا گەنجێتیت پێوە ماوە، بەڵام دەمێکە لێم دووریت..

(کە مناڵ بوویت سەرمات ئەبوو. سەرت ئەنا بەسنگی دایکتەوەو قاچەکانت لە قاچی دەئاڵاند، ئینجا خەوت لێدەکەوت.. کە گەورەبوویت، کتێب بوو بەهاورێی تەنیایی شەوتو ئەو شەوەی لاپەرە رەشەکانی کتێبەکان چاوەکانی ماندوو نەکردیتایە دەسبەرداری نەئەبوویت. ئەمێستا ئەتەوێ ئەگەر بۆ دوواجاریش بێت ساردیی ئەم بەرەبەیانیانە بە ژنەکەت گەرم بکەیتەوە. گۆرانییەکەی حەسەن زیرەك زیندووکەیتەوە.. کەچی ئەوەتا ژنەکەت بەئاگا هاتو وەکو شەوێ

لەقەیەکی لێهاویشتیتەوەو لە خۆی دووری خستیتەوە، لەشێکی ساردوو ناو لەشێکی چرچبوو خاوی کردیتەوە. بەدەم خەوەوە، وتی:.
-لاچۆ لەشم پیس مەکە..
-سەرمامەو ئەمەوێت تۆزێك خۆم گەرم بکەمەوە.
-ئەڵێم لاچۆ لەشم پیس مەکە، با نوێژەکەی بەیانیم نەچێت.
-بەڵام حەزم لێیە.. نوێژیش نەماوە.
-بەهەفتە خۆت ناشۆیت، چۆن ئێستا وا دێیتە لامەوە؟!
-خۆم ئەشۆم جارێ با....
-تۆ هەر فێری بەپیسی بێیتە لامەوە..
-ئێ چی بکەم؟! بوارم نییە. سەرقاڵی نان پەیداکردنم بۆتان، حەمامی ئەم خانووەیش لەبەر قەرەباڵغی بەر ئێمە ناکەوێت..
-بچۆ بۆ حەمامی دەرەوە..
-بەچی؟! بەمووچە زۆرەکەم؟!
-خانوویەکی سەربەخۆ بگرە..
-ئەزانی تۆ زۆر ئەڕۆیتو خەریکی پێی لێڕائەکێشیت.. نازانم تۆ بۆ وا دەکەیت؟!
-ئاخر موستەهەقیت..
-بۆ چیم لێکردوویت؟! گوناهم چییە؟!
-لەبەرئەوەی کات نازانیت.. لەبەرئەوەی هەر بۆ ئەو شتە منت دەوێ..
-ئاخر هەروا فریادەکەوم..
-دەبڕۆ هەروا فریابکەوە..
(لەقەیەکی تری ئاراستەی قاچەکانت کردەوە. تلێکتداو کەوتیتەوە سەر کومبارە رەقوتەقەکەی پێشوو، بەدڵ بەخۆت وت:. "بەخوا فەقیریت"..!) لەسەر سەرینەکەتەوە تەماشەیەکی بنمیچە رەشەکەت کردەوە.. مەرگی رەشت بینییەوە، پێت پێدەکەنێ. ناو بەناو چاوت لێ زیت دەکاتەوە (خۆت بکوژە..) بە کەساسییەکەوە دڵت پڕبوو لە سۆزی بەزەیی بۆ خۆتو لە چاوە تەماوییەکانتەوە بەمەرگت وت:. پێم باشە دوور لێرەو لەمان، لە دەرەوە بەخۆکوشتن مەرحەباییم بکەیت.
ئەمەت وت و دوو دڵۆپ ئەشك بە لا روومەتتدا هاتنە خوارێ. ئاورێکت بۆ ژنو منداڵەکانت دایەوە. وەك ئەوەی دووا سەرنجی ماڵئاواییان لێبدەیت. منداڵەکانت لەیەك ئاڵابوونو دەستی دایکیان بەسەر لاملیاندا درێژببوون. کە لە کاتژمێرە هەڵواسراوەکەت روانی خێرا هەڵسایتە سەرپێو ماچێکی هەواییت بۆ منداڵەکانت نارد. بەخەیاڵ بەمەرگت وت:. ئەی مەرگ، دووای رۆیشتنم بە ژنەکەم بڵێ ئاگای لە منداڵەکانم بێت..
(بەبرسێتی هاتیتە دەرەوەو لە گۆشەی سەر کۆڵانەکەتانا هاورێ داماوە کۆنەکەی خۆت بینی، سەرماو برسێتی رەقی کردبۆوەو بەمەرگی خۆی شادوو شوکر ببوو. قاپو نانەرەقەوەبووەکەیش کەروویان هەڵهێنابوو. ئاواتت بوو ئەو مەرگەی ئەو روخساری تۆیش شاد بکاو وەکو ئەو لە جەنجاڵی ژیان رزگارت بێت.. خۆر گەرم بوو. لەبەر دەرگای ماڵی کۆڵانەکەوە ژنێکت بینی بەگسك خەریکی کۆکردنەوەی ئەو گەڵا وشکانە بوو کە لە دارەکەی بەرماڵەکەیاندا کەڵەکەببوون..
سەرنجت دا، ژنەکە بۆ گسکدان چەمایەوەو نیگایەکی بۆ کردیت، بە دەستێکی سەرپۆشە تەنکەکەی سەری بۆ بەرزکردیتەوە. سینەو مەمکە سپییە خرپنەکانی لەگەڵ گسکدانا کەوتنە لەرینەوەو لە ناو هەستە تینووەکەتا، لە چاوە ئەبڵەقبووەکانتا ئاوازو سیمفۆنیایەکیان دروستکرد، کە نەك هاواری مەرگی بیربردیتەوە، بەڵکو لە خۆشیانا نەتدەزانی چۆن لە چاوو نیگای مەستی ژنەکەوە بپەڕێیتە سەر شەقامەکەو تێکەڵی جەنجاڵیی ئەو خەڵکە ببیت، کە بەدووای تەرمی هاورێ تەنیاکەتەوە بەرەو گۆرستانێکی نادیار دەرۆیشتن..).